# كێشەی نەوەیەک لە نێوان کوردستان و هەندەراندا.... كێشەكە لێرەدا تەواو نەبووە (بۆدەوڵەمەندتر كردنی راپو َرتەكەی رزگار كۆچەر) ... چیمەن ساڵح



لە ساڵانی دوا ی راپەڕیندا هیچ زاوایەك نەبوو لەو زاوایە قەدر گرانتر بێ كە لە هەندەرانەوە روودەكاتە كوردستان، تەنانەت زۆر گرنگ نەبوو هەندێك خێزان و كچ لە ناوەكەشی بپرسن هەر بۆبانگ كردن، مەسەلەكە هیچ روونكردنەوەی تر هەڵناگرێ ئەوە نەبێ كە، ئەم قەدر زانینە لە بەر ئەو دولار و گەڵایانە بوو كە لە بازاڕەكانی كوردستاندا چەند دانەیەكیان كێشەی ئابوری خێزانێكی بۆماوەیەكی دوورو درێژ چارەسەر دەكرد، ئەگەر كچەكەش حەزی بە چوونە دەرەوە كردبێ هەر بە هۆی پارەوە بووە. هەر لەبەرئەوەش كە ئەوانەی لە هەندەران دەهاتنەوە بەو شێوەیە بێمنەت بە هۆی دۆلارەوە بە ناو خەڵكدا پیاسەیان دەكرد هەر بە ئامانجی ئەوەش بەهەزاران گەنج و لاو سەری خۆیان هەڵگرت و بوون بەو خۆراكی ماسی دەریاكان یاخود باندە رەشەكان.

ئێستاش كە كەمتر خەڵك لە كوردستانەوە روو لەهەندەران دەكات بەشێكی لەبەر ئەوەیە كە بارودۆخی ئابووری كەمێك باشتر بووەو لە دوای رووخانی رژێمی سەدام كۆمەڵگای كوردستانیش كرانەوەیەكی ئابووری و سیاسی باشتری بە خۆوە بینیووە و كۆمەڵگاكە هەمە رەنگ تر بووە، بە شێكیشی لەبەر ئەوەیە كە لەیاساكانی ئەو وڵاتانە بێئومێد بووە كە روویان تێدەكرا كە بچێتە ئەو وڵاتانە و بە رێگای نایاسایی رۆژێك لە رۆژان دەرگای لێبكرێتەوە، تەنانەت ئەوەی لەوێیە لە بەر هەڕەشەدایە.

.

ساڵی پار لە دیمەشق چەندان كچی كوردم بینی هاتبوون بو َدیدار لە گەڵ باڵیۆزخانەكانی وڵاتانی ئەوروپا بۆئەوەی بچنە لای دەسگیرانەكانیان یاخود هاوسەرەكانیان هەموو بە بێئومێدی دەگەڕانەوە لەو دیدارانە و هەمووش سەری سێیەم چوارەم جاربیان بوو كە هاتبوون و چەند ساڵێك بوو چاوەڕێیان دەكردو پێیان وابوو دەست هەڵگرتن باشترین چارەسەرەهەرچەندە بە قسەی ئەوان ئەو رێگایەش لە بەر تانەی كەسوكار سەختە، ئەوە لە كاتێكدا ئەوانەی من بینیمن هەموو دەسگیران و هاوسەرەكانیان مافی نیشتەجێبوونییان لەو وڵاتانە هەبوو. لەوانەیە تائێستاش هەر چاوەڕێبن و لەوانەیە دەستییان هەڵگرتبێ، ئەوەی لێی تێگەیشتم و لە دواییدا پرسیم، گرفتی هەزاران كەس بوو. هەموو لە پێناوی زەواجێكی زۆر كلاسیكی كە ز، ر بەیان كوڕەكەیان یەكجار بینی بوو هەبوو نەشیانبینیبوو زیاتر لە چوار ساڵو پێنج ساڵ و حەوت ساڵ بوو چاوەڕوان بوون.

لایەكی دیكەی كێشەكەش ئەو بە هەزاران لاوە كوردانەیە كە ساڵانێكە لە وڵاتانی ئەوروپان تا ئێستا هیچ جۆرە مافێكییان وەرنەگرتووە و ژیانییان بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و ئەوانە نەوەكو جاران دەتوانن بێنەوە لە كوردستان بە بێمنەتی بێن و بچن و نە یەكێكلە كوردستانەوە بە پێی خۆی بچی بو َئەوروپا لەوی زاتی ئەوە دەكات شوویان پێبكات. چونكە چارەنووسی دیار نابێ، و ئەویش بە هەمان دەرد دەچێ، كەسەكە خۆی ژیانی دیار نییە

بەکوێ دەگات، ئەوانەش ئاسۆی دروستکردنی ژیانێکی هاوسەرییان لە گەڵ کچێکی کورددازۆر دوورە چونکە تا ئێستا تەنیا رێگایان ئەوەیە واز لە ئەورووپاو رەنجی چەند ساڵەیان بە یە کجاری بێنن و بگەڕێنەوە، دیارە هەڵبژاردنی ئەو رێگایەش سەختەو تا چەند ساڵێك ئەگەر هەڵیشی بژێرن لە شۆکە دەروونییەکەی رزگاریان نابێ. ئەوانیش ژمارەیان بە هەزارانەو بە هۆی کێشەی وڵاتە ئەوروپییەکان لە گەڵییاندا تا رادەیەك ژمارەیان دیارە چەند زۆرن، ئەوانیش قوربانییەکی دیکەی نێوان کوردستان و هەندەرانن، ئاخۆچارەنووسی ئەوانیش کێشە نییە هەروەك ئەو کاتەی خەڵکی دەرگای خۆیان بۆ زاوای هەندەرانی ئاوەڵا کردبوو. بە هەزاران پرۆسەی هاوسەر گیری نابەرامبەر بە و هۆیەوە دروست بوو، ئەوەی لە هەندەران بژی و یان سەردانی بکات دەزانێ ئاکامی ئەو کێشانە چین. ئەوان هەموو لەژیانێکی زۆر سەختتدا دەژین ئو َمێدیان بە هیچ شتێك نەماوە و دەزانن لەو وڵاتەدا تا ئێستا هیچ ئاسو َیەکییان نییە گەڕانەوەش بۆئەوان هەروا دوای ئەو هەموو دەردەسەرییە کارێکە سەختترە، لەو نێوەدا دیارە دەبن بەنێچیرێکی باش بو َنەخۆشی دەروونی و بەد ڕەوشتی و یان لە باشترین حاڵەتدا گۆشە گیری و خەمۆکی. مرۆڤ تا کوردستان و هەندەران نەبینی گەلێك راستی هەیە بۆی روون نابێتەوە و بە خەیاڵیدا نایەت و هەندێك جار لەوانەیە بڕواشی پێ نەکات، ئەگینا سەیر نییە لەکوردستانداکوڕێکی کورد، ئەگەر کچێکی کورد زۆر ژیرانەش رەفتار بکات زیاتر لە باو بجووڵێتەو ە بە چەندین قسەی قورس تاوانباری بکات و هەر هەمان ئەو کوڕە لە وڵاتێکی ئەوروپیدا لە گەڵ کچێکی بیانیدا بۆ چەندساڵ بمێنێتەوە و لە دواییدا بیهێنێ بڵی کچێکی چاکە، بۆیە دەیهێنم! من دڵنیام دەروونی زۆر لەوە جیاوازە بەڵام ئەوە باشترین چیرو َکی ژیانی بە ناچارییەتی کە هەڵبژێرێ، و رێگایەکی دیکەی لە بەر دەمدا نییە.

جا بو َیە ئەو باسەی کە لە راپۆرتەکەی بەرێز رزگار کۆچەردا باسی کردووە، باسی چەند ساڵێك بەر لە ئێستا دەکات کە بەهۆی گرفتە ئابووری و سیاسییە کانی کوردستانەوە کچ و کور ِقوربانی بوون، بە ڵام کوڕ لایەنی بە هێزی قوربانی بوو و کچ لایەنیلاوازی قوربانییە کە بوو، ئێستا کوڕەکانیش وەك قوربانییەکی زۆر لاواز ژمارەیان زۆرە و، بەداخەوە بە شێوەیە کی گشتی تەنیا وەك کێشەی ناسنامەو مافی نێشتەجێبوون تەماشای ئەو قوربانییانە دەکرێت بە بێئەوەی باس لە گرفتە ترسناکە کانییان بکرێکە لە کۆتاییدا هەر لە چوار چێوەی گرفتی کۆمەڵگای کوردستانیدایە، پێویستە بە زوویی و تا زیاتر لەوە قوڵنەبووە تەوە چارەسەر بکرێن و کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوان کوردستان و هەندەراندا بوو بە ژەهرێك بو َنەوەیەك ئاسەوارەکانی لە کوردستان و هەندەراندا دیارو بەر چاوە گەلێك لایەنی لێدەبێتەوە و باسکردنی زۆری دەوێ، تاکی کورد تاکێکی خاوەن بڕیار بێ لە چارەسەر کردنی کێشەکەدا چ ئەوانەی خۆیان قوربانین، چ ئەوانەش خۆیان بەبەرپرس و خەمخۆر دادەنێن وبە ناوی کۆمەڵگاکەوە قسە دەکەن. جا راستە هەندێك رووالەت جێگای خۆشحاڵییە خەڵکی زیاتر هوشیار بووەتەوە بە ڵام کێشەکە لێرەدا تەواو نەبووە و هێشتا چاوەڕێی زۆری لێدەکرێ. ئەگەر مرو َ ڤ سەربەست و بێگرفت بوو پرسێك نییە بڕیار دەدات هاوسەرێك هەڵدەبژێری لە کوردستانە یان لە وڵاتانی دیکە. بەڵام نەك لەسەر بنەمای قۆستنەوەی خاڵی لاوازیی کەسێك. کۆمەڵگای کوردستانیش هۆکاری زۆری هەبووە تا پڕ بێ لە خاڵی لاوازی تاکەکانی.